کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
5-12-2007 21:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

سوید

**شارستانی، هەڵوێستی تەنهاخۆیەتی، یاحکومەتەبەگشتی؟!! ... نەجمەدین شێخ بزێنی- (بەشی سێهەم)**



دیارە ئێمە لەبەشی یەکەم و دوهەمدا، تەنها باسمان لەهەڵسەنگاندنی هەڵوێستی ئەمریکاو چۆنیەتی مامەڵەکردنی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانکردلەبەرانبەردا، بۆزیاتر ئاشنابون بەناوەرۆکی ئاریشە رامیاریە تایبەتیەکانی گەلی کورد. جائێستا کاتی ئەوە هاتوە، باس لەهەڵوێستی هاوپەیمانە عەرەبەکان بکەینەوە. بەتایبەتیش دکتۆر حسین سەهرستانی. بۆێێش ناویانم نەبرد (بەبرا) نامەوێت درۆ لەگەڵ روحی خۆمدا بکەم، چونکە نەبەرەگەز براین، وەنە بەهەڵوێست و کرداریش، دەر ئەکەوێت کەبرابین، بەتایبەتی شارستانی کەلەبنەرەتدا ئێراقیش نیە!! بەهەرحاڵ مەبەستی ئێمەلەهەڵوێستی سیاسی لایەنی بەرپرسانی عەرەبن، لەحکومەتی ئێراقی فیدرالیدا بەتایبەتی وەزیری نەوت، دوکتۆرحسین شەهرستانی. دیارەهەڵوێست وەرگرتن ئەگەر لەروی کێشەی سیاسیەوە بێت، ئەوە هەمو مرۆڤێ ئازادەومافی خۆیەتی بەهەرجۆرێ لێکدانەوەی خۆی پێشکەش بکات. بەڵام ئەگەرلەروی بەرێوەبەرایەتیەوە (ئیداری) بێ ئەگەرلەئاستی بەرپرسیەتی ئەوجێگەیە بێت. ئەبیت پێش هەمو شتێک باش سنوری دەسەڵاتی خۆی شارەزابێت، ئەمجارهەولی بەرنامەرێژی کارەکانی خۆی بکات. نەک چۆن ئەڵێن مەیمون کاتی هەرودوچاوی خۆی ئەنوقێنێت وخەڵکی نابێنێت، وائەزانێ ئیترخەڵکیش ئەونابینێت. هەڵوێستەکەی بەرێز شارستانیش هەمان شێوەیە!وادیارە پاش مل ملانێێکی زۆربۆ پەسەند کردنی بۆ ئەوپۆستە گرینگوهەستیارە، خوای گەورە ئاگاداری پیرۆزی نەجەفوکەربەلابێت پەسەندکرا. ئیتر واهەست ئەکات هەموشتێک کوتایی پێ هاتووەو هەرخۆی خاوەن بریارەو، هەرچی کارێکی پەیوەندی بەنەوتەوە هەبێت، چی لەروی دۆزینەوەو هەڵێنجانەوە، وەچیی لەروی فرۆشتن و دزینەوە، هیچ کەس بۆی نیە خۆی لێبدات!! ئەوە تەنها کارو دەسەڵاتی ئەوە، بانەک باییملیۆنەها دۆلار، بەڵکوبایی ملیارەهادۆلاریش نەوت بدزرێت، مادام لەژێر جاودێری بەرێزیدایە هیچ گرینگ نیەو بەدزی دانادرێ، وولات لەباری نائاساییدایە!! بۆ پاساوی ئەوەش دورنیە بڵێت، بۆچی بتواندرێ لەماوەی یەک تەنهامانگدا لەبانکێکی سەنتەریبەغدا

زیاترلەنیو ملیار دۆلار بدزرێت، بەڵام لەوەزارەتی شەریکەێێکی گەورەو بەرفراواندا نەتواندرێ چەند ملیار دۆلارێک بدزرێت؟!! بەڵام وادیارە چونکە شارەزایی باشیان پەیداکردوە لەدزینی نەوتی خاو، هەرلەدیدی خۆیەوە سەیری حکومەتیکوردستانیش ئەکات. بۆێ زۆرنیگەرانە لەوگرێبەستانەی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە ئەنجام ئەدرێت. خۆ خۆی زۆر باش ئاگادارە کەداهاتەکەی بەپێی دەستور ئەگەرێتەوە بۆ بۆدجەی گشتی حکومەتی ناوەندی، بەڵام رێگەی دەستکاری کردنی بەرێز شارستانی تێدا نابێت بەرمیلێکی بە (69) دۆلار بفرۆشی و. (57) دۆلار نیشان بدات!! دیارە من نەیاسا ناسم ونەیاسا پارێزەریشم، بەڵام گوێگرو بینەرم. چەند پرسیارێک ئاراستەی بەرێز حوسێن شەهرستانی ئەکەم، باخۆی وەڵام داتەوە، بەڵام بەچاو کراوەیی نەک وەکو تری:

یەکەم: ئایە وەزارەت بەگشتی، ناوەندێکی دەسەڵاتی (تەشریعیە، وەیا تەنفیزیە) ؟!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دوهەم: ئایە هەست بەوە ئەکات کەڕژێمی بەعس ڕوخاوەو لەناوچووەو ناگەڕێتەوەو کار بەیاسا، نالەبارو نەگونجاوەکانیشی بەهیچ جۆرێ ناکرێت؟!!.

سێهەم: بڕوای بەیاسای فیدرالی بونی حکومەتی ئێراق هەیە، کەحکومەتیکوردستان هەرێمێکیەتی و، بە پێی یاسایێکی دەستوری کەلەسەدا هەشتای گەلی ئێراق دەنگی بۆداوەو پەسەندی کردووە، سنوری دەسەڵاتی تایبەتی بۆ دیاری کراوە؟؟!!.

جا ئەگەر لەناوەڕۆکی ئەو خاڵانە گەیشتوەو، بڕوای تەواوی پێیان هەیە. دەربڕینی ئەو هەڵوێستە نەگونجاوانەی لەدو ڕوانگەوە سەر هەڵئەدا: یائەوەتا ئەو ئەزمونەی پێ قەبوڵناکرێت و ناتوانێت وەکو پێویستە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات. وەیا ئەوەتا هۆکاری تری ترسناکتری لەپشتەوە هەیە. جائەگەر ڕوانگەی یەکەمە؟ ئەوە جوانتر وایە، کەبەشێوەیێکی ئارەزو مەندانە دەست لەکارەکەی بکێشێتەوەو، هەڵوێستێکی ڕاشکاوانەتر وەربگرێت، هەتا بەزۆرە ملێ تورهەڵنەدراوە. چونکە کورسی ئەوپۆستە موڵکی کەسایەتی نیەو، موڵکی گەلە. گەلی کوردستانیش بەشێکە لەوگەلەو مافی خۆیەتی دەسەڵاتی خۆی بەکار بهێنێت، چ بەدابونەریت و، چ بەپێی یاسا. وەئەگەر ڕوانگەی دوهەمیشە؟ کەزیاتر دژایەتی کردنی مافەڕەواو هەموارکراوەکانی کوردەو بەیاسا ڕێگە چارەیان بۆ دیاری کراوەو، هەتیوەکانی سەدام و دارودەستەکانی زۆر بەئاشکراولەخۆ بوردنەوە، بەرگری لێ ئەکەن وهەمویان کۆ بۆتنەوە لەناو بەرەیێکدا بەناوی بەرەی (تەوافوقەوە) واتە ڕێککەوتن، کەبەراستی دروشمێکی گونجاوو پڕ بە پێستی خۆیەتی. چونکە لەڕاستیدا ڕێککەوتنێکی هاوپەیمانیوهاوبیروڕاییە لەنێوان هەمو پێکهاتەکانی ڕژێمی ڕوخاوی بەعس، چاکترین و گونجاوترین لایەنیشە بۆ ئەو جۆرەکەسانەی ئەگرێێن بۆگەڕانەوەی ڕژێمە ڕوخاوو قێزەوەنەکەی بەعسی فاشیست کەئێراقی خستە گێژاوەیێکی کۆمەڵایەتیو ڕامیاری وئابوری واوە، کەبەدەیان ساڵیتر برینەکەی سارێژ ناکرێتەوەو، هەلی وا گونجاوو چەوریش بۆ دزو جەردەکانی مرۆڤ کوژ قەت هەلناکەوێتەوە!! جا چاکتر وایە کە دوکتۆرحوسێن شەهرستانیش، بالەڕوی ڕامیاریەوە، بەڕاشکاوانەتر هەڵوێستی خۆی دەربڕێت و، هیچ پێویست بەسەرپێچی کردنی یاسایی ناکات لەسنوری کارەکەیدا! هاوبیرو هاوتای زۆرن، کەبچێتە پاڵیان کاریگەریان لەسەر لایەنەکانی تریش پەیدا کردووە!! زۆر بەداخەوە کەگەلی کورد پێش ڕاپەڕین و لەسەرەتای ڕاپەڕینەوە، لایەنی شیعەی بەهاوپەیمان و دۆستێیێکی نزیکی خۆی ئەزانی، بەبێ جیاوازیکردن لەنێوانی گروپو ڕێکخراوەسیاسیەکانیاندا، هەمو شیعەی بەچاوێک سەیر ئەکرد. کەچی وادەرنەچو! بۆ نمونە ئەگەر هەڵوێستی بەرەی (سەدری) سەیربکەین، هیچ جیاوازێیێکیان نیە لەگەڵ بەعسیەکاندا، بەرانبەر بەمافە ڕەواکانی گەلی کوردستان! هەر وەها، لەکاتی ڕاپەڕین و پاش ڕاپەڕێنیش بۆ ماوەیێک، کەهێشتا دام و دەسگا حکومیەکان وەک پێویست ڕێک نەخرابونەوە، کورد ژمارەیێک لەکەسایەتیە سیاسیە ناسراوەکانی عەرەبی بەدۆست وهاوپەیمانێکیزۆر نزییکی خۆی ئەزانی. لەوانە بەتایبەتی ئەم بەڕێزانە: سید عبدلعەزیز ئەلحەکیم. ئەیاد عەلاوی. موقتەدا سەدر. دوکتۆر ئیراهیم جەعفەری. دوکتۆر نوری مالکی. تاریق هاشمی. عادل عەبدول مەهدی. دیارە ئەمانە کەسایەتی تایبەتی بون، کە لە لایەنی سەرکردایەتی کوردەوە جێگەی متمانەو بڕوا پێکردن بون. بەڵام دوبارەی ئەکەمەوە زۆربەداخەوە، کەهەندێکیان لەبەرانبەر مافو بەرژەوەندە ڕەواکانی گەلی کورد، هیچ جیاوازێیێکیان نیە لەگەڵ کەسایەتیەکانی ناو بەرەی (تەوافوقدا) کەهەمویان ئاشکرا لەدارو دەستەکەی ڕژێمی بەعسی ڕوخاون! بۆنمونە: ئەوە بەڕێزتاریق هاشمی دیارە کەخۆی پاڵێراوێکی بەرەی (تەوافوقەو) جاری تریش لەنوسراوەکانماندا ئاماژەمان پێکردووە، کەپایەو پلەی تایبەتی بەرزی هەیە لەناویانداو، هیچ لۆمەیلێ ناکرێت! بەڵام هەڵوێستی بەڕێزان دوکتۆر ئەیاد عەلاوی و دوکتۆر ئیبراهیم جەعفەریشمان بینیی لەکاتی دەسەڵات داریدا. هەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەوان بون کەئەو هەستەیان دروست کردەوە کەمەرج نیە گوێ بەناوەڕۆکی دەستورو یاسای تازە بدرێت، بەڵکو ئەبێت پشتگیری لەنەخشەو پیلانە داڕێژراوەکانی ڕژێمی سەدام بکرێت و، ئەوەی جێ بەجێ کراوە جێگیربکریت و ئەوەی ماویشە هەوڵی هەلوەشاندنەوەی نەدرێت. وەسەرکەوتنیشیان لەزۆر ڕووەوە بەدەست هێناوە. بۆ بەڵگە، تەنها نمونەیێک ئاماژە پێ ئەکەم، ئەویش ئەوەیە کەتوانیان سەرکردایەتی ڕامیاری کورد ڕازی بکەن بەوەی ئەوعارەبانەی کە بەناوی بەعەرەبکردنی (تعريب) شاری کەرکوکەوە هێناویانە کەلە لایەنی دانیشتوان بەتایبەت کوردوتورکومانەوە، بەعەرەبی (10) هەزاری ناسراون، ئەبێت بەشێوەیێکی ئارەزومەندانە بگەڕێنەوە بۆجێگەی ڕەسەنی خۆیان، لەژێر بیانوی ئێراق بوهەموانە ئەوعارەبەی ئەگەڕێتەوەش ئەبێت دوچەندانەی کوردە گەڕاوە دەر بەدەر کراوەکان پاداشت بدرێنەوە، وەک ئەوە وایە کەلەغەزای بەدرو، قەلآی خەیبەر گەڕابێتەوە!! بەڵام قەیناکات بەلآیێک بەپارە لەکۆڵ بیتەوە هەر باشە. دیارە ئەوانەی کە ڕەگەز پەرست نین و تاڕادەیێک خاوەن ئویژدانن، لەخۆشی (20) ملیۆن و پارچەیێک زەوی و دابینکردنی کارەکەشی ئەگەڕێتەوە. بەڵام ئەی ئەوانەی کەپشتگیریان لێ ئەکرێت و خۆشیان هەستێکی ڕەگەز پەرستیان لەناخەوە هەیە چۆن. بەڕاستی جیگەی داخە کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان چۆن ڕازی بون بەمانەوەیان، بەمەرجێ تەنها لەهەڵبژاردنی ڕاپرسیدا (ڕفراندۆم) مافی دەنگدانی نەبێت! بۆچی ئەوانە بۆ دەنگدان لەڕاپرسیداهێنراون، وەیا بۆگۆڕینی دیموغرافی خاکەکەو پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد. ئایە ئەوەیان لەبیر چۆتەوە، کەشاری موسڵ پایتەختی باشوری کوردستان بو لەسەر دەمی ئیمبراتۆریەتی عاسمانیەکاندا. کەکورد زۆرێنەبوەو، ئێستاش کورد ناوێری هەر ناوی بێنێت! ئایە مانەوەی ئەو عەرەبانەی کەبۆ بەعەرەب کردنی شاری کەکوک ڕژێمی بەعس هێنایانی، بەکۆمەڵێک ئمتیازاتی تایبەتیەوە، تەنها لەپێناوی پاکتاو کردنی ڕەگەزی کورد دا. لە جێگیرکردن و سەپاندنی نەخشەو پیلانەکانی ڕژێمەکەی سەدامی گۆڕبەگۆڕو لەناوچو زیاتر شتێکی تر ئەگەیێنێت؟! ئەگەرمەبەست لەوەبێت وەک ڕێز لێنانێک لە برایەتی کوردو عەرەب، وەیا نیشاندانی یەکپارچەیی خاکی ئێراق کە هی هەمووانە. ئەوانە بەڵگەیێکی لاوازی بێ بنەمان. بۆبەهەزاران عەرەبی تری ڕەسەنی ناوچەکە بەدرێژایی مێژو لەسنوری پارێزگای کەرکوکو، هەولیرو، زۆر ناوچەی تری کوردستان پێکەوە نەژیاون، ڕۆژێک لەڕۆژان ڕێگەلەعەرەبێێک گیراوە وەیا بێڕێزێێکی پێکراوە لەسەرانسەری کوردستاندا. بەبیرمان دێت لە پەنجاکاندا کە منداڵ بوین، عەرەب خوێیان بەحوشتر ئەگێڕا بۆ فرۆشتن. لەلادیکانی کوردستاندا بەبێ هیچ ترسو بیر کردنەوەیێک سەر بەست ئەگەڕان تەنانەت نان خواردنیشیان هەرلەسەرخەڵکانی گوند نشینەکان بو. بەشەوانیش هەرلەدەورو بەری حوشترو بارە خوێیەکانیان ئەخەوتن بەبێ هیچ مەترسییک، لە هەمان کاتدا خەڵکی زۆررێزیانیش لێ ئەنان و پێشوازی مێوان داریەتیان لێ ئەکردن. بەتایبەتیش چونکە حوشتر لە کوردستان نیە، زۆر خەڵک ئەچون بۆ لایان نەک هەر بۆ خوێ کڕین. بەڵکو بەشێکی هەربۆ سەیر کردنی حوشترەکان ئەچون. ئێستاش لەو عەرەبانە بەبێ گومان ماون لەسنوری حەویجەدا ئەگەر کەسێک هەبێت بیەوێت لەوڕاستیانە پرسیار بکات. وە ئایە ئەگەر لەمڕۆ بەدواوە، عەرەبێکی هاوردەی ناڕەسەن، پەنجا بڕیاری حکومەتی فیدرالیشی پێ بێت. کەسیش ڕێگەی پێ نەگرێت. تەنها ئەوەی کەخۆی هەستی پێ ئەکات کەعەرەبی ڕەسەن نیەو هاوردەیە. ئەوێرێت ڕوبکاتە گوندێکی کوردستان و کارو کاسبی تیدا بکات؟ بێگومان نا!! کەوابو ئەو هەڵوێستانە تەنها چەواشەکاریەو لەماڵوێرانی و کاولکاری زیاتری لێناکەوێتەوە بۆ دوواڕۆژ. کورد لەسنوری پارێزگای کەرکوکی کوردستانیدا، بەهۆی سیاسەتی فاشیستیانەی پارتی بەعسی عەفلەقی جۆلەکەوە عەرەبی نەناسیوە. بەڵکو بەدرێژایی مێژوی سەدان ساڵە کە دراوسی و هاوڕی و هاوبیری ئاینی و دۆستو، ژن و ژن خواستی یەکترین و هەردەم پاڵ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پشتی یەکتر بونە لەبەرانبەردوژمنان وداگیرکەراندا. دیارە ئەوهەڵوێستەی عەفلەقیەکان ئەیانەوێت بیسەپێنن بەسەر گەلی کوردستاندا. ئەوەیە ئەبێتە هوی لەبار بردنی خۆشەویستی ومتمانە پێ بەخشین بەیەکتری لەنێوانی گەلی کوردو، گەلی عەرەبدا.

دیارە لێرەدا ئەمەویت ئاماژە بەوە بکەم کەبابەتی ئەم بەشە زۆرگرینگەو نامەوێت زۆربەخێرایی بەسەریدا بڕۆم. بۆیێ بەباشم زانی لەبەشێکی تریدا بێمەوە خزمەتی خوێنەرانی بەرێز.

2007/12/3.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.